# زۆر بە کورتی: خانەقین،
# شاری یەك ئیدارە و دەزگای بەڕێوەبردن

## سەلام عەبدوڵڵا

لە خانەقین، ئاسەواری سیاسەتی ڕەگەزپەرەستی بەعس خێرا بنبڕکرا، دانیشتوانی شارەکە، دوور لە نەتەوە و ئاین و حزبایەتی، کوردستانییەتی شارەکە و بارودۆخی پاش دەسەڵاتی سەددامیان پاراست. نەبوونی گروپ و لایەنگرانی فاشییەت و ئیسلامییەکان و بومبەکانیان، پارێزەری دیالە و دەورو بەری بەعسی و موخابەراتە ڕەگەزپەرەستەکەی، نیگەران کردووە، بۆیە دەیانەوێ تازە بە تازە، ڕابردووی ملشکاو، زیندوو بکەنەوە و ئاژاوەو تاوان بۆ شارەکە بگەڕێننەوە.

لە خانەقیندا، نە شوێن پێی سەدر، ئەنسار و بەعسی هەیە، نە شوفێنیستی عەرەب و تورکومانی و کوردی و کلدانی، نە براو خوشکە مسیحییەکانمان سەردەبڕێن، نە کۆکا و یانەی مەی و مەیخواردن و ئارایشگای ژنان دەتەقێنرێنەوە. وەك دەیان ساڵی ڕابردوو، بە سەددان دانیشتوانی عەرەب و تورکومان، بە خۆشییەوە لەشارەکە دەژێن و بە بێ ئەمانە، شارەکە ناشرین دەبێ و کەسیش بیر لەوە ناکاتەوە، ئەم براو خوشکە عەرەب و تورکومانانە دەربکرێن.

تاقە وەڵام لە بەرامبەر : نەخێر بۆ سیاسەتی ڕەگەزپەرەستی، واتە، نا بۆ عەرەبی هاوردە!

لەناوبردنی پاشماوەکانی سیاسەتی ڕەگەزپەرەستی تەعریب، و پاراستنی شارەکە لە مەبەست و نیازی پارێزگای دیالە، هەنگاوێکە بۆ پێشەوەو شوێنی خۆشحاڵی و دەستخۆشیکردنە، خۆزگا بەرپرسانی حیزبەکان، بەهەمان ئەو گیان و هەڵویستە، شاری خانەقین بکەن بە دەسپێکی قۆناغی بەڕێوەبردنی نموونەی شاری یەك ئیدارەو دەزگای بەڕێوەبردن...